


ئاری ئەبوبەکر/دانیمارک

ئەو کچەی کە02/25 یادی لە دایکبونییەتی، بە تۆ ئەی A پێشکەشە کە ڕۆژانێک لە سەر سفرەی عیشق پێکەوە میوان بووین.

وه ره با یاری که ین له سه ر ئه و به رده، وه ره با یاری که ین له م غه ریبستانه، تۆ ببه به بووک و منیش به زاوا، هێنده منالْ ده بینه وه، که نه مۆ بایل و نه کۆمپیوتەرمان لە خەیاڵبێت، تۆ خۆت و بووکه شووشه که ت، منیش به قه مه ره بچوکه کانه وه، تۆ ده ست بینه به سه ری دا، منیش به ده م هۆڕن لێده ده م بیب بیب به ده نگی به رز.
وه ره با یاری که ین، تۆ عیشقی پاک له بیر که و بیر ته نها له ئه و له زه ته کاتییه بکه ره وه، که دوای بانگی ئێواره به ره و ماڵه وه گه ڕایته وه هه موویت له کۆش ده که ویته خواره وه، منیش خۆم و ئه م ڕۆژه ڕه شانه ی که عیشقم به زۆر لێداده برڕێت له بیر ده که م، تۆش ده خه مه ناو قه فه زی سینه مه وه و بۆ هه تا هه تایه به سه وزی ده تهێڵمه وه.
وه ره بایاری که ین، ماڵه باجێنه که ین تۆ دایک و منیش باوک، هێواش هێواش ماچت بکه م، ماچێکی بی خه وش، ماچێکی پاک، پاکتر له هه موو ئه و پەپولانه ی شیله ی گوڵ هه ڵده مژن، پاکتر له ده رونی مناڵێکی برسی، بۆ ن خۆ شتر له بۆنی ده سکێ ڕیحانه، جوانتر له ڕه نگی کوردستان له به هار دا، تۆش وه ک بوکێکی عه یار ڕومه تت نزیککه ره وه، بی مه به ست ناز بکه و خۆت که م بێنه پێشێ.
وه ره با یاری که ین، هه ڵماقۆ که ین، پێنج به رد بگرین به ده ستمانه وه، هه ر یه ک له ڕه نگێک، هه ر یه ک له لایه که وه، وه ک ئه و پێنج که سه ی که ده یانه وێت یاری عه شمان لێ تاڵ که ن، ئیمه ش یارییان پێده که ین، که ته واویش بوین تۆ براوه و منیش دۆ ڕاو، ئنجا تێر تێر به هه ر پێنج به رده که پێده که نین.
وه ره بایاری که ین سێ ڕسکێن که ین، من و تۆ به دوو هۆشی ته واو بێگه رده وه، نه ده یبه ینه وه و نه ده یدۆڕنین، نه ده زانین کام داشه بجوڵێنین نه ده زانین کاممان لازمه یه که م هه نگاو بنێنین، من واقم وڕماوه که ده شزانم ده بێت چی بکه م، به ڵام ناتوانم نه هه نگاویک بیمه پێشه وه، نه برۆ مه دواوه، ته نها شتیک که چا وه ڕێی بم ده ستی تۆ و جولاندنی داشه که ی تۆ یه، ته نها هۆش و بیرم لای تۆ یه که ده ستت نه گه ڕێنیته وه، تۆ په یمان دا که داشه که به ریته خانه یه کی تره وه،بۆ یه منیش هه موو خه و خه یالم هاتۆته سه ر نوکی چاوم و سه یری ده ست و په نجه تی پیده که م.

وه ره بایاری که ین، جۆلانیَ که ین، من ده چمه پشتته وه و به هێزی خۆ شه ویستی پاڵت پێوه ده نێم بۆ چونه پێشه وه، ئیتر تۆ ش ده نگی پێکه نینت هه مووا ن دڵشاد ده کات ته نها من نه بێت، هه مووا ن ڕازین ته نها عاشقه کان نه بێت، ئنجا نۆ به تی منه که دانیشم و تۆ زێک بچمه پێشیَ بۆ بۆنکردنی تۆ، بۆ خۆ تێوه سواندنت بۆ هه ڵگلۆفینێکی بیَ مه به ستانه .....
وه ره بایاری که ین، کلاّ و کلاّوینه که ین ، کلاوی هه موو نازداره کانی شار بێنین، نزانه که من چه ند به ئه سپایی بیَ ئه وه ی بلێم گوڵ یا فت، هه ر به بۆنی تاله مووه کانی سه رتا ڕاسته و خۆ کلاّوه کەت ده دۆزمه وه، کلاّوه که ت که زه مه نێک به یه که وه له سه رمان ده کرد، ئه و کلاّوه ی به داکه ندنی هه موو هیواو مه به ستی پاکێتیمانی هه ڵفراند و ته ره ی کرد، ئه و کلاّوه ی که پێنج به ردەکه به زۆر له سه رمانیان داکه ند.
وه ره بایاری که ین، هه لوکێن که ین، من ده مه وێت له هه لوکه که بده م و تۆش بۆ خۆ ئاماده کردن بۆ گرتنه وه ی ده ڕۆیت، ده ڕۆیت و دوور زۆر دوور ده که ویته وه، بانگت ده که م به لاّم له ره ی زه مینه، یان سه دای خۆشنودی دونیا یه کا نایه لێت گوێت لێم بێت، نازانم منیش هێنده منالاّنه سه یر ده که م، وا ده زانم دونیا واتای تۆ وتۆ ش یه عنی دونیا.

وەره با یاری کەین ه تۆ ڕۆژی له دایکبوونته، با منیش پڕ به قوڕگم هاوار بکەم، Happy birthdays.

وه ره با یارییه که ته واوکه ین، من و تۆ په یمانی ته واو کردنی یارییه که مان داوه، هه موو یارییه کان ته واو ده بن ئه گه ر تۆ بخوازیت، ته نها دڵی من و عیشقت نه بێت که هه میشه به زیندویی ده مێنێته وه، دڵی من به و هه موو بێنازییه یه وه و عیشقی تۆش به و هه موو تاریکیه یه وه.......

Arei1976@hotmail.com